## (لەیادی چرایەکی گەشی شەوانی ئەنگوستە چاوی نیشتیماندا) ... هوشیار عزیز

سلێمانی

هەست بەشەرمێکی زۆر دەکەم کە تەنها ئەم نوسینە نیوە ناچڵەم لەدەست دێ بۆسالیادی بێ سەروشوێن کردنی سەرکردەیەکی ماندوو نەناس، سەرکردەیەکی ڕۆژانی شوومی پڕ ترس و دڵەڕاوکێ ونەهامەتی، سەرکردەیەکی ناو جەرگەی خەبات، خەبات لە قورسترین و تاڵترین و زەحمەت ترین جۆرەکەی، (چوونکە خەباتیش زۆر جۆری تری ئاسانی هەیە کەنارەحەت ترین ساتی شتێك لەئەنفلۆنزەگرتن قورسترە) ، سەرکردەیەك کەسادەتروو خاکی تر بوو لە پێشمەرگەیەکی ئاسایی ئەویش ئەندازیار (عبدوللامحەمەدئەمین ئاغا) بو.
...

داخی گرانم ئێمەی کورد وەك چۆن میللەتێکی ئایندە لێڵین میللەتێکی رابوردوو لێڵیشین، ئێمە تائێستایش نەبوینەتە خاوەن زاکیرەی دەستەجەمعی، یان بەمانایەکی تر نەبوینەتەخاوەن کۆ زاکیرەیەکی نەتەوەیی ونیشتیمانی تا هەموو تراژیدیا و ماڵ وێرانی و قوربانیدان و فیداکاری و هەڵوێست و سەروەریەکان وخیانەت و خۆفرۆشی و نۆکەرایەتیەکان تۆماربکەین ولەساتەوەختەکانی خۆیدا حساباتی لەسەر بکەین، کە ئەمەش دەلالەتی لاوازی هەست و شعوری نەتەوەیی ونیشتیمانی ئێمەیە دەرحەق بە رابردوومان، رابردوویەك کە دەکرا ئێستاو داهاتویشی شیاو تر لە ئێستا لەسەر نەخشەبکێشین و بینا بکەین..

چەند ئەسەفێکی گەورەیە ئێمە تا ئەو ڕادەیە زاکیرە لاواز یان بێموبالاتبین بەرانبەر ڕابردووی خۆمان کە جیاوازی نەکەین لە نێوان پێشمەرگەیەك و خۆفرۆشێك یان تێکوشەرێك و تێکدەرێك. . هەرئەمەش بوو کە وای لە زۆربەی زۆری تێکۆشەرە گیان لەسەر دەستەکانی دوێنێی ئەم وواڵتە کرد (ئەوانەی سودفەی شەهید بوونیان نەکرد) کە پاش ڕاپەڕین یان بەرەو هەندەران سەری خۆیان هەڵگرن یان دابڕێن لە زۆر لە بەها شۆڕشگێڕیەکانی سەردەمی خەباتی شاخیان، ئەوبەهایانەی زۆربەی تەمەنی خۆیان پێ بەخشی لەپێناو بەرجەستەکردنی لەکۆمەڵگادا. . چوونکە ئەو حەقیقەتەیان بەچاوی خۆیان بینی کە ئێمە وەك چۆن ڕێز لە تێکۆشەرێك دەگرین بەهەمان شێوەو هەندێ زیاتریش ڕێز لە خۆفرۆشێکیش دەگرین کەئەمەش بەڵگەی ئەنانیەت و بەرژەوەند پەرستێتی ئێمە بوو کە نیگەرانی و بێزاری زۆری لای ئەو تێکۆشەرانە درووست کرد و بێ ئومێد بوون لەوەی کە وەك خەبات کارو پێشمەرگە ڕێز لێ گیراو دەبن و دەبنە خاوەن سەرمایەیەکی رەمزی وەها کەنەخۆیان و نە نەوەکانیان هیچ پێویستیەکیان بە سەرمایەی مادی نەبێ بەڵام هەرزوو ئەو راستیە تاڵە تیایاندابەرجەستە بوو کەئەوەی لەم وڵاتەو لەناو ئەم میللەتەی ئێمەدارێز لێگیراوە گیرفان پڕەکانن نەك رابردوو گەشەکان. . بەداخەوە ئەمە حەقیقەتێکی تاڵەو پێویستە دانی پێدا بنێین...

دەبێ ئەوە بزانین کە هەڵبژاردنی ژیانی پێشمەرگایەتی لەسەردەمەکانی خەباتی شاخدا کارێکی هێندە ئاسان و سادە نەبوو تا ئینسان بێ بیر کردنەوەیەکی قووڵ و بێ لەبەر چاو گرتنی تاڵترین و پرچەرمەسەری ترین ژیان بریاری لێبدات، ژیانێك کە هێندە سەخت و تاڵ بوو تەنانەت مردنیش نەیدەوێرا توخنی کەوێت. . ئەوکاتانەهەڵبژاردنی پێشمەرگایەتی یەکسان بوو بە هەڵبژاردنی مەرگ، زۆربەی زۆری جار هەڵبژاردنی مەرگی دەستەجەمعیش بوو بۆ خۆت و گشت ئەندامانی خانەوادەکەت. . . لە ناو ژیانی پێشمەرگایەتیشدا شەهید بوون بەرزترین شەهادەوپیروزترین بەڵگەیەکە کە بە خوێن

دەنوسرێ و تۆماردەکرێ، شەهادەتیش چەند ئاستێکی هەیە کە حەقی خۆیەتی لێکیان هەڵاوێرد بکەین تا هەر یەکە مافی شیاوی خۆی بدەینێ ئەویش دەکرێ بۆ سێ ئاست پۆلێنیان بکەین:

ا - ئەوانەی کە لە ناکاو بێ هیچ چاوەڕوانیەك کوت و پڕ شەهید دەبن.

ب- ئەوانەی دەچنە شەڕو نەبەردیەکانەوە بەڵام بە نیازی ئەوەشن کە بگەڕێنەوە واتە سەد لە سەد شەهید بوون ناخەنە زهنی خۆیانەوە (هەرئەمەشە زۆر جار دەبێتە مایەی هەڵاتن و ڕاکردن لە شەڕەکان و بەکوشت دانی هاوسەنگەرەکان. . ) .

ج- ئەوانەی بەنیازی شەهید بوون دەڕۆن و لە ڕۆیشتنیشیاندا وەك شەهید بەڕێ دەکرێن و نەك هەر هەڤاڵەکانیان خۆیشیان سەد لەسەد دڵنیان کە شەهید بوون لەسەرڕێگا لە پێشوازیاندایە، هەربۆیەئەمانە کاتێ ماڵ ئاوایی لە هاوسەنگەرەکانیان دەکەن وەسیەتی ئەوەشیان بۆ دەکەن درێژە بە کاروانەکەیان بدەن و وەفادار بن بۆ ئەوخوێنەی دەی بەخشن و وەفاداریش بن بۆ خانەوادەکانیان چوونکە ئەوە تەنها ئامانەتی ویادگاری ئەوانە کە جێی دەهێڵن.

جێی خۆیەتی ئەمە بەبەرزترین ئاست و پلەی شەهید بوون ناو دێر بکەین. . .

شەهیدی سەرکردە (عەبدووڵا ئاغاو) هەردوهەڤاڵە تێکۆشەرەکەی موهەندیس قادر و نەوزاد محمد نەجیب ئەگەربە پێی ئەو پۆلێن کردنەی سەرەوەپۆلێنیان بکەین ئەوە لە جۆری سێ یەمیانن. . ئەوان کاتێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەیان بەرێ کەوتن تەواوی هەڤاڵ و هاوسەنگەرەکانیان ناڕازیبوونیان دەربڕی لەو بەڕێ کەوتنەو شەهید بوونێکی حەتمیان پێ نیشان دەدان و لە نەگەڕانەوەیان دڵنیایان دەکردنەوە، بەڵام ئەوان لەوجۆرە کەسانە نەبوون کە خۆیان لە شەهید بوون بشارنەوە. . شەهید عەبدوڵائاغا کە لەسەر دەستی سەرکردەیەکی وەکوو (فەتاح ئاغای) ی پێشمەرگەو بیریاری نەتەوەیی و تێکۆشەری بڕوا پۆڵایین وەك براو وەك پێشمەرگە پەروەردەو گۆش کرابوو، دەیزانی کە چ شەرمەزاریەکە قسە لە شەهیدبوون بکرێت و شەهید بوون بنرخێندرێت و خەڵکانی تر بۆ شەهید بوون هان بدرێن و بەڵام ئینسان خۆی خۆی لە شەهید بوون بدزێتەوە یان پێچ بەدەوری ئەو شوێنانەدابکاتەوە کە شەهید بوون تێیدا بەئاکام دەگات. .

عەبدوڵا ئاغا کەسێکی مەرگ دۆست وشەهید خواز نەبوو، واتە ئەو خەباتی بۆ مەرگ و شەهید بوون نەدەکرد بەلکوو خەباتی بۆنەهێشتن و دورخستنەوەی ئەوبارودۆخە داسەپاوە دەکرد کە هەڵبژاردنی مەرگ و شەهید بوونی کردبوە باشترین و گونجاوترین و شەرافەتمەندانەترین ئیختیاری مرۆڤی کورد.

بەڵام ئیلتیزامێکی ئەخلاقی و ئینسانی و شۆرشگێڕانەی زۆر گرنگ و پیرۆزە کاتێ تۆ هەڤاڵ و هاوخەبات و نزیکەکانت یەك یەك بەشەهید بوون دەسپێریت و ئەوانی تریش بەردەوام هان دەدەیت بۆشەهید بوون و خۆیشت ئەو ڕێگایە هەڵبژێریت. .

ئەوە هەڵوێستێکە تەنها شۆڕشێگێڕە موخلیس و ڕاستەقینەکان دەتوانن بینوێنن. .

. . . . . . .

ئەمرۆ18 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر بێسەروشوێن کردنی شەهید عبداللەئاغاو هەڤاڵەکانیدا، بەڵام بەداخەوە ئەوان کە قارەمانترین و موخلیسترین و فیداکارترین ڕوڵەکانی ئەم میللەتەبوون لەسەخت ترین و ئەستەم ترین ڕۆژگارەکانی ماڵوێرانی و نەهامەتی و کوێرەوەریەکانمان دا کەچی ئێستا بێناز ترین و فەرامۆش کراوترین و لەبیرکراوترین شەهیدەکانیشمانن. .

مخابن دەبوو لە ساڵیادیاندا کۆڕوکۆبوونەوەی ڕێزلێنان سازبدرایە تا بیسەلمێنین کەتائێستایش پەیوەستی ئەخلاقی و ویژدانی ومەبدەئیمان بەو تێکۆشەرو قارەمانانەوە ماوە کە گیانی خۆیان بەخشی بۆ ئاسودەیی و سەرفرازی ئیمە. .
چەند بەدبەختی و جێی داخە گەلێك بێئاگابێت لەڕابردووی خۆی و نرخی سەروەریەکانی خۆی نەزانێت و ڕێزی لێنەگرێت. .
ئاخر گرنگترین لایەن لەسەروەریەکانمان شەهیدەکانمانن پاشان داستان و نەبەردیەکان.
.
ئەمە 18مین ساڵ تێدەپەڕێت و دام و دەزگایەك نەبوو یادی ئەم شەهیدە قارەمانانە بکاتەوەو لەکۆڕوکۆبوونەوەیەکی شایستەدا هەڵوێست و فیداکاریان بنرخێنیًت وبەنەوەکانی ئیستا بڵێن قەدری ئەم ئازادیە بگرن چوونکە بەرهەمی خوێن و خەبات و تێکۆشانی ئەم قارەمانانەیە. .
لە کۆتاییدامن دەتوانم هەرئەوەندە بڵیم یادتان هەرزیندوەو ناوتان لەریزی ناوەپیرۆزەکانی ناو فەرهەنگی نیشتیماندایە ئەگەرچی ئێمە لەیادکردنەوەو ڕێزلێگرتنیشتاندا کەم تەرخەم بین. .

(بمبەخشە ئەی نیشتیمان. .
کەڕۆیشتم کۆڵێ ژانم بۆجێ هێشتی. .
دونیایەك خەمی نارنجیم تیا ڕواندی. .
ئیدی لەمەودوا ئەگەر ویستتان سۆراغم کەن. .
لەبەژنی درەختەکان و. .
لەچاوی مەرجانی کانیەکان و. .
لەئاوێنەی شەپۆلی چەم و ڕووبارەکان و
لەڕەوەزی قەدپاڵەکان و. .
لەڕوخساری تاشەبەردەکان و
لەپێکەنینەکریستاڵیەکانی منالان بڕوانن. . . . . .
ئیدی من لەمەودوا وەك ڕەهەندەی نیشتیمانێکی بێناسنامە
پێدەشت. . پێدەشت و کێو بە کێو
دێم و دەچم. . .
تاوەك چڵەلاولاوی سپێدەیەك لەبەژنی زراڤی ئازادی دەئاڵێم
ئەوسا بەئارامی و بۆیەك جاری چاو لێك دەنێم. . )

تیبینی ؛
شەهید عبدالله ئاغا دەرچوی کۆلیژی ئەندازیاری و کارگێڕی لقی چوارو بەرپرسی بەشی عەسکەری لق بوو.
ساڵی 1987 بەمەبەستی سازدانی ڕاپەرین و ئازاد کردنی بەشێکی زۆری سنووری پارێزگای سلێمانی لەگەڵ هەردوو هەڤاڵە قارەمانەکەی (مهندیس قادر کەبەرپرسی ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناوشاربو، نەوزاد محمد نەجیب کە کارگێڕی ل. ن. پێنجوێن و بەرپرسی لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بوو) بە نهێنی هاتنە ناوشاری سلێمانی تا کۆبوونەوەو ئامادەکاری مەیدانی بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەلام بەداخەوە بەئاکام نەگەیشتن و وەك هەزاران تێکۆشەری تری ئەم گەلە گیانیان کردە قوربانی ئامانجەکانیان. .